TIER 2

کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی دوانەیی حکومەتی فیدرالی ئەمریکایە، کە لەلایەن یاسای نێودەوڵەتی ئازادی ئاینی (*IRFA*) ١٩٩٨ ەوە دامەزراوە و چاودێری مافی جیهانی بۆئازادی ئابینی یان بیروڕا لە دەرەوەی وڵات دەکات. کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) پێوەری نێودەوڵەتی بەکاردێنێت لە دەرەوەی وڵات بۆ چاودێریکردنی توندوتیژیی بەرامبەر ئازادی ئایینی یاخود بیروڕا، و هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پێشنیاری ڕامیاری و سیاسی پێویست بۆ سەرۆک و وەزیری دەرەوە و کۆنگرێس. کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیایە و پەیوەندی نیە بە وەزارەتی دەرەوە. ڕاپۆرتی ساڵانەی ٢٠١٨ دەرئەنجامی تەواوی کارەکانی ساڵێکی کارمەندانی کۆمسیۆن و ستافی پسپۆران لەخۆ دەگرێت کە توندو تیژییەکانییان لە مەیدانەکانی دەرەوە تۆمارکردووە و ڕاسپاردەی سیاسەتی سەربەخۆیان ئامادەکردووە بۆ حکومەتی ئەمریکا،ڕاپۆرتی *ساڵانەی*٢٠١٨ مەودای کار لەکانونی دووەم٢٠١٧ تاوەکو کانونی یەکەم٢٠١٧ لەخۆدەگرێت، هەرچەندە لەهەندێک حاڵەتدا هەندێ ڕووداوی گرنگ کە لە پێش یان لە پاش ئەم مەودایەوە ڕوویانداوە لەم ڕاپۆرتەدا باسکراون. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) تەماشای ماڵپەڕەکە بکە لێرە، یاخود ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بە (*USCIRF*) لەڕێگەی ئەم ژمارەیەوە202-523-3240.

**عێراق**

**دەرەئەنجامە سەرەکییەکان:**

ساڵی ٢٠١٧ بە کۆتا هات بە کەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ناوچەی عێراق، ئەو گروپەی کە گەورەترین مەترسی بوون بوو بۆ سەر کەمینە ئاینیەکانی عێراق. پێش کەوتنەکەیان، گروپەکە بە درێژایی ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام بوو لە ئەنجامدانی زنجیرەیەک هێرشی کوشندە، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە شیعە تیایدا زۆرینەو باڵا دەست بوون، لەوانەش بەغداد. لە پاشهاتەکانی ئازادکردنی ناوچەکان لە دەست داعش، بە تایبەتی موسڵ ی زۆرینە سوننی، گروپەکانی مافی مرۆڤ جیاکاری ئایینیی، ئەشکەنجە دان، تۆڵەکردنەوە بە کوشتنی موسڵمانە سوننەکان، زۆربەی ئەوانەی کە گومانی داڵدەدانی لایەنگرانی داعشیان لێ دەکرا، تۆمارکردووە. سەرەرای ئەوەش، لە هەندێک شوێن، "کەمپی خێزانە داعشەکان" دروست کراوە پاش ئەوەی زۆرێک لە موسڵمانە سوننیەکان ڕێگریان لێکراوە کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.

لە تشرینی یەکەم، دوابەدوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، پێکدادانی سەربازی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی عێراقی (ISF) و هێزەکانی حەشدی شەعبی (PMF) لە بەرەیەکەوە، وە یەکەکانی پێشمەرگەی کوردی لە لایەکی ترەوە ڕوویدا، کە بووە هۆی لەقکردن و خراپترکردنی باکوری عێراقێکی ناسەقامگیر. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە جڵەوگیری ناوچەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق لە چەندین ناوچە کە ژمارەیەکی بەرچاوی کەمینەی ئاینی تیایدا نیشتەجێ بوون، لە ناو ئەوانەشدا دەشتەکانی نەینەوا، کەرکوک، و شاخەکانی شەنگار. دەبێت چاوەڕێ بکرێت تاوەکوو بزانرێت کە ئایا لەدەستدانی ئەو ناوچانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

بۆ حکومەتی ناوەندی عێراق، ژیانی ئەو کۆمەڵگانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین یەکلا دەکاتەوە یان نا. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 دەستپێشخەری رۆونی کردووە بەوەی کە کەمینە ئاینیەکان لە خۆ بگرێت و تێکەڵی یەکە فەرمانڕەواییەکان و نوێنەرە ناوخۆییەکانی خۆی بکات، بەڵام پلانی حکومەتی ناوەندی عێراق بەوەی کە چۆن بە شێوەیەکی کاریگەر لە خۆیان دەگرێت و دڵنیایی ئاسایش و بەرەو پێشچوونیان دەدات، بە نادیاری ماوەتەوە.

لە سۆنگەی ئەم بابەتانەوە ساڵی ٢٠١٨، کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (*USCIRF*) دوبارە حکومەتی عێراقی لە ئاستی دووەم داناوە بۆ مامەڵەکردن یان قبووڵکردنی پێشێلکردنی ئازادیی ئاینی کە بە لایەنی کەمەوە لەگەڵ یەکێک لە رەگەزە پێوەرەکانی وەک "سیستماتیکی، بەردەوام، خراپ" یەکدەگرێتەوە بۆ ئەژمارکردنی وەک "وڵاتێک کە جێگەی دڵەڕاوکێی تایبەت بێت" (CPC)، لە ژێر یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی (*IRFA*). هەروەها کۆمسیۆن (*USCIRF*) وای دەبینێت بە تێگەیشتن لە شێوازی دەستبەسەراگرتن و کارەکانی داعش لەو ماوەیەی کە راپۆرت کراوە، وبە پشت بەست بە پێوەرەکانی دەستنیشانکردن، داعش وەکو "قەوارەیەک کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێیەکی تایبەت"EPC دەست نیشان دەکاتلەبەر پێشێلکردنی ئازادی ئاینیی بەشێوەیەکی توندوتیژ لە ماوەی ئەم راپۆرتەدا هەروەک لە گۆرانکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ دا ناسێنراوە.

**راسپاردەکان بۆ حکومەتی ئەمریکا**

- دانانی داعش وەکو "قەوارەیەک کە دەبێتە هۆی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ" لەژێر یاسای نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی (*IRFA*) وەک لە لایەن فرانک ر. وۆڵف لە یاسای نێوەدەوڵەتی بۆ ئازادی ئاینی ساڵی 2016 هەموارکراوە، بەهۆیدەستبەسەرداگرتنی ناوچەکەو کارەکانیان لە ٢٠١٧ دا.
- چەسپاندنی [یاسای بەرپرسیارێتی جیهانی مافەکانی مرۆڤی ماگنیتسکی، فەرمانی کارگێری 131818،](#) یان هەر کەرەستەیەکی پەیوەندیداری کاریگەری تر، تاوەکو رێگری بکرێت لە پێدانی ڤیزای ئەمەریکا و راگرتنی هاوکاری ئەمەریکا بۆ چەند بەرپرس و بریکارێکی دیاری کراو کە وەک بەر پرسیار لە پێشێلکردنی مافی ئازادیی ئاینی و بیر و باوەڕ دەست نیشان کراون.
- هاندانی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی گرژیەکانیان بوەستێنن بەوەی کە بە ئاشتیانە گفتوگۆ بکەن لەسەر کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان و کێشەکانی پەیوەندیدار بە بودجە و داهاتی نەوت، وە هەروەها پاراستنی مافی هەموو هاوڵاتیانی عێراق؛
- هاوکاری حکومەتی عێراق بکرێت بەوەی کە دەستبەجێ راگەیاندنی 2379ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکرێت، کە دەستنیشانکردنی راوێژکارێکی تایبەت و دامەزراندنی تیمێکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لە خۆ دەگرێت، تاوەکو پاڵپشتی هەوڵە ناوخۆییەکان بکات بۆ دانانی داعش وەک بەرپرسیار بۆ کردەوەکانیان لە عێراق؛

- دابینکردنی هاوکاری حکومەتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی خێرا بۆ کۆمەڵگە ئێجگار دۆخ ناسکەکان، بە تایبەتی لە ناوچە کەمینە نشینەکان وەک پارێزگای مەسیحی زۆرینە نیشتەجێی نەینەوا؛
- پێشخستنی دابینکردنی هاوکاری ماددی بۆ بوژاندنەوە و سەقامگیرکردنی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی داعش ئازاد کراون تاوەکو دۆخێک بگونجێندرێت بۆ ڕێگە دان بە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان، و هەروەها کەمکردنەوەی گرژی ڕەگەزی و تایەفەگەری، و بەردەستخستنی بەرپرسیارێتیەکی جێ باوەڕ و میکانیزمی دادپەروەری کاتی؛
- پێشخستنی کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی هێرشی تایەفەگەری لە لایەن هەندێک قەوارەی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان کە هانی ئەجێندایەکی تایەفەگەری دەدەن؛ و
- دیاریکردنی هەموو هاوکارییەکی سەربازی و ئەمنی بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی کە هێزە ئەمنیەکان بەجۆرێک بگونجێندرێن کە ڕەنگدانەوەی هەمەچەشنەیی ڕەگەزی و ئاینی وڵاتەکە بکات، و ڕاهێنان دابین بکرێت بۆ یەکە وەرگرەکان تایبەت بە ستاندەردی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنی و بە تایبەتی کەمینە ئاینیەکان.

**ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرێسی ئەمەریکا**

- جێبەجێکردنی یاسای [ئەیچ، ئار 390]، ساڵی2017 بۆبەرپرسیارێتی و هاوکاری فریاگوزاری کۆمەڵکوژی (جینۆساید) لە عێراق و سوریا، کە دابینکردنی هاوکاری فریاگوزاری بۆ قوربانیانی جینۆساید، تاوانەکان لە دژی مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ لە عێراق و سوریا دەچەسپێنێت و لە هەوڵدایە بەرپرسیارێتی ئەو جۆرە تاوانانە بخاتە ئەستۆی تاوانبارەکانیان؛ و
- جێبەجێکردنی یاسای [ئێس. 1158]، ساڵی2017 ی ئێلی وایزڵ بۆ نەهێشتنی جینۆساید و تاوانکاری، کە لە هەوڵدایە بۆ هاندانی تواناکانی حکومەتی ئەمەریکا بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوە و وەڵامدانەوەی جینۆساید و تاوانکاریەکانی تر.
- جێبەجێکردنی یاسای [ئەیچ، ئار4238]، ساڵی2017 بۆدانانی یاسایەکی جێگرەوەی سەپاندنی تیرۆریستی ئێرانی، کە سەپاندنی یاسای پەیوەندیدار بە تیرۆریزم بۆ سەر دوو میلیشیای و کۆنترۆڵکراو لە لایەن ئێرانەوە دەچەسپێنێت، ئەوانیش عەسائیب ئەهل ئەلحەق و حەرەکەی حیزبوڵا ئەلنوجابەن، کە تاوانی تایەفەگەریان لە سوریا ئەنجامداوە.

## پاشخان

**عێراق**

**ناوی تەواو:** کۆماری عێراق

**حکومەت:** کۆماری پەرلەمانی فیدراڵ

**دانیشتوان:** 39,192,111

**ئاین/بیرو باوەڕ ی ناسێنراو لە لایەن حکومەتەوە:** ئیسلام، مەسیحی، سابیئەی مەندائی، بیر و باوەڕی بەهائی، زەردەشتی، بوزی، هیندۆیزم، جولەکە، ئاینی خەڵک

**دیمۆگرافیای ئاینی*:** 99% موسڵمان (55%-60 شیعە، 40%-45 سوننە)

<1% هی تر (مەسیحی، سابیئەی مەندائی، بەهایی، زەردەشتی، بوزی، هیندۆز، جولەکە، لایەنگرانی ئاینی خەڵک لە خۆ دەگرێت)

*کتێبی ڕاستیەکانی جیهانی سی ئای ئەی

ساڵی ڕابردوو، ساڵێکی جەوهەری بوو بۆ عێراق، گرنگترین بەرەو پێشچوونەکان لە 2017 بریتی بوو لە کەوتنی داعش لە کانونی یەکەمی 2017، گروپێک کە ئەو کاتە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕێکس تیلەرسن لە مانگی ئاب دا ڕایگەیاند کە "بە ئاشکرا بەرپرسیاربوو لە کۆمەڵکوژی (جینۆسایدی) یەزیدیەکان، مەسیحیەکان، و موسڵمانە شیعەکان لەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی کردون یان کۆنترۆڵی کردبوون." لە هەوڵێکدا بۆ خستنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی بۆ سەر داعش، لە ئەیلولی 2017 دا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەزامەندی لەسەر ڕاگەیاندنی 2379 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕی بۆ ڕاسپاردنی تیمێکی‌لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و تۆمارکردنی بەڵگەکان لە عێراق بۆ ئەو کردەوانەی کە لە لایەن داعشەوە ئەنجامدراون کە دەکرێت تاوانەکانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی یان جینۆساید بن.

سەرەڕای ئەوەش، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلولدا بووەهۆی خستنەوەی گرژی سەربازی لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بووە هۆی گۆڕانکاری لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و ناسەقامگیری لە هەندێک ناوچەدا، لەوانەش دەشتەکانی نەینەوا، کەرکوک و شاخەکانی شەنگار، ئەو ناوچانەی کە بە ڕێژەیەکی زۆر کۆمەڵگە کەمینە ئاینیەکان تێیدا نیشتەجێن. هەرچەندە کە حکومەتی عێراق لە هەوڵدایە بۆ کەمکردنەوە و سنوردارکردنی گرژی تایەفەگەری لە نێوان کۆمەڵگە سونی و شیعیەکان، و هەروەها کۆمەڵگە شیعی و کوردەکاندا لەو ناوچانەی کە گرژی و پێکدادان تیایاندا ڕوویداوە دوابەدوای ڕیفراندۆم، بەڵام نەیتوانیوە کە هێرشەکان لە لایەن قەوارەکانی حەشدی شەعبی پشتگیری لێکراو لە لایەن ئێرانەوە، بوەستێنێت کە ناکۆکیە تایەفەگەریەکانی خراپترکردووە.

عێراق دەمێکە بە دەست ناکۆکی تایەفەگەریەوە دەناڵێنێت، کە بەشێوەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ و بارودۆخی ئازادی ئاینیی. بەرەو پێشچوونەکان لە داگیرکردنی عێراق لە 2003 لە لایەن ئەمەریکاوە، بووەتە هۆی

دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەواو دوولایەنی جیابووەوە، لەگەڵ هەبوونی ناکۆکی کوشندە لە نێوان کۆمەڵگە شیعی و سونیەکاندا، و لە ئێستاشدا لە گەڵ موسەڵمانە کوردە سونەکاندا لە پاشهاتەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 25 ئەیلولدا. لە ساڵی 2014 ەوە، سەرۆک وەزیران حەیدەر ئەلعەبادی، لە هەوڵدایە کە سیاسەتی تایەفەگەری سەرۆک وەزیرانی پێشوو نوری ئەلمالیکی پێچەوانە بکاتەوە، بەڵام کاری زۆری ماوە تیایدا بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، عەبادی بە سەرکەوتویی هێزەکانی حەشدی شەعبی پاڵپشتی کراو لە لایەن ئێران و هێزەکانی ئاسایشی عێراق تێکەڵ نەکردووە، ئەمەشوای لێکردوون بتوانن لە دەرەوەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی حکومەت کاربکەن لە هەندێک ناوچەی وڵاتەکە، تازەترینیشیان لەو ناوچانەی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئاسایشی عێراق لە دەسەڵاتی هێزە پێشمەرگە کوردیەکانیان سەندووە.

ئەم بارودۆخە، کارئاسانی بۆ داعش کردووە کە لە باکور و ناوەڕاستی عێراق سەر هەڵبدات، و بەردەوام بێت لەدروستکردنی کێشە بۆ سەر عێراق، سەرەڕای کەوتنی داعش. بایەخپێدانی زیاتری سەدام حوسەین بۆ دانیشتوانە سونیەکان و بایەخپێدانی مالیکی بۆ دانیشتوە شیعەنشینەکان دابەشبوون و بێ بڕواییەکی بەرچاوی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا دروست کردووە؛ ئەم ناکۆکیانەش بە تێپەڕبوونی کات تەنها خراپتر بووە. هاوڵاتیە سونیەکان بڕوایان بە حکومەتی زۆرینە شیعە نیە کە کۆمەڵگاکەیان بپارێزێت یان دەنگی خۆیان بە شێوەیەکی کاریگەر لەناو حکومەتدا یەکبخرێت؛ پێچەوانەکەشی هەروەها ڕاستە بۆ هاوڵاتیانی شیعە مەزهەب. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگە کەمینە ئاینیەکانی وەک یەزیدی و مەسیحیەکان بە گومانن لە توانا و ئامادەگی حکومەت کە بیانپارێزێت لە هێزە چەکدارە توندڕەوەکانی هەردوو شیعی و سوننیەکان، لە ناویشیاندا داعش و چەند یەکەیەکی هێزەکانی حەشدی شەعبی. حکومەتی عێراق هەوڵی داوە کە مافی کەمینەکان- بە تایبەتی لەناو پارێزگای نەینەوادا- گرنگی پێ بدات، بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی ئابدا، مەهدی ئەلعەللاقی سکرتێری گشتی ئەنجومەنی نوێنەران دەستنیشان کرد، و ئەرکی ئەوەی پێدا کە میوانداری کۆنفرانسێک بکات لە بەرتەللـە، لەسەر داهاتوی کەمینەکانی عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێک لە کۆمەڵگە کەمینە-ئاینیەکان بە گومانن لەوەی کە ئازادی ئاینی و مافەکانی مرۆڤ لە لەکارە لەپێشینەکانی عێراقدا بێت.

**بارودۆخی ئازادی ئاینی 2017**

***دیارنەمانی کەمینە ئاینیەکان:*** تەنانەت پێش سەرهەڵدانی داعشیش، کۆمەڵگە ئاینیە بچوکەکانی وڵاتەکە- کە مەسیحیە کاتۆلیکەکان و ئۆرسەدۆکسەکان، پرۆتستانسەکان، یەزیدیەکان، سابیئە مەندائیەکان لە خۆ دەگرێت، پێشتریش بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیان کردبوو و لە سەرەتای دەرکەوتنی داعشیش لە عێراقدا لە ساڵی 2014 دا، ژمارەیان بە بەردەوامی کەمتر دەبووەوە. بە پێی دوایەمین ئاماری حکومەتی عێراقی لە ساڵی 2010 دا کە دەشکرێت بە تەواوی ژمارەی ڕاستیی دانیشتوان نیشان نەدات، و بە تایبەتیش لە دوای سەرهەڵدانی داعشیشەوە، بە نزیکەیی هەموو دانیشتوانەکە موسڵمانن. موسڵمانە شیعەکان- لە ناویشیاندا عەرەبەکان، تورکمانەکان، فەیلیەکان (کوردە شیعەکان)- لە سەدا 50 بۆ لە سەدا 60 ی دانیشتوان پێک دێنن. عەرەبەکان و کوردە موسڵمانە سونییەکان، لە سەدا 40 ی دانیشتوان پێک دێنن. عێراق لە مەترسیەکی زۆری لەدەست دانی کۆمەڵگا مەسیحیە کۆنەکانیەتی، کۆمەڵگایەک کە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە

ژمارەدا کەمی کردووە. بە پێی سەرکردە مەسیحیەکان، لە ئێستادا کەمتر لە 250.000 مەسیحی لە عێراقدا هەن کە لە خەملاندنی پێش ساڵی 2003 دا 1.4 ملیۆنەوە کەمی کردووە ، هەرچەندە سەرکردە ئاینیە مەسیحیەکان هەوڵیان داوە کە هانی شوێنکەوتوەکانیان بدەن بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەدا بمێننەوە، بەڵام زۆرینەیان لە ناوچە بە جەنگ کاولبووەکانی باکوری خۆرئاوای عێراق هەڵهاتوون کە ئاسایش و هەلی ئابوری تێدا نیە. سەرکردە یەزیدیەکان دەڵێن کە ژمارەی کۆمەڵگەکەیان لە ئێستادا نزیکەی 400.000 -500.000، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی کاکەییەکان لە 300.000 تێ ناپەڕێ. کۆمەڵگەی سابیئە-مەندائیەکان لە نێوان 1000 و 2000 دایە، و کەمتر لە 2000 بەهایی هەن.

***دەستدرێژیەکان لە لایەن داعشەوە***: لە 9 کانونی یەکەمی 2017، سەرۆک وەزیران عەبادی ڕزگارکردنی سەرتاسەری عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی داعشی ڕاگەیاند. لە دوای سێ ساڵ لە جەنگ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشڕەوی هاوپەیمانی جیهانی کرد - کە لە 73 لایەن پێک هاتبوو- بۆ لەناوبردنی داعش و ئازادکردنی سەرتاسەری ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی گروپەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، کەوتنی ئەم گروپە چەکداریە نەبووە هۆی ئازادکردنی هەموو بەندکراوانی کەمایەتیە ئاینیەکان کە لە لایەن داعشەوە دەست بەسەربوون. بە پێی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز، نزیکەی 3.200 لە کۆی 6.400 بەندکراوی یەزیدی هێشتا دەست بەسەرن لایەن داعشەوە، کە زۆربەیان کۆیلەی سێکسن.

پەلامارەکانی داعش بەدرێژایی زۆرینەی ساڵی 2017 بەردەوام بوو. لە کانونی دووەمدا دەستی پێکرد، کە هەوڵەکان بۆ دووبارە گرتنەوەی موسڵ درێژەی کێشا، گروپەکە چەند زنجیرە هێرشێکیان بۆ سەر شاری سەدر و سامەڕا دەست پێکرد. هەنوکە گروپەکە بۆمبیان لە شاری بەغداد دەتەقاندەوە کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا، لە هەر سێ شارەکە نزیکەی 60 کەس کوژران. لە مانگی ئایاردا، لە ماوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، گروپەکە دوکانێکی ئایس کریمیان لە گەڕەکی کەڕادە لە بەغداد کردە ئامانج، کە زۆرینەی شیعە نشینن، 17 کەس کوژران و 32 کەسی تر بریندار بوون. و لە ئەیلولدا، لە شاری ناسریەی باشوری عێراق، گروپەکە لە هەمان کاتدا دوو هێرشیان کردە سەر چێشتخانەیەک کە ڕەوەندە (حاجیە) شیعەکان بە بەردەوامی سەردانیان دەکرد و 84 کەس کوژران و زیاتر لە 90 کەس برینداربوون.

چەندینگۆڕی بەکۆمەڵ لە سەرانسەری ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون دۆزراونەتەوە. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵێ 2015، چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراونەتەوە، کە زۆربەیان قوربانیانی یەزیدی تێدابوون. دوابەدوای ڕزگارکردنی موسڵ لەم ساڵدا، ڕێکخراوە ناحکومیەکان چەندین گۆڕی بەکۆمەڵیان لە باکوری عێراق هەڵداوەتەوە. لە مانگی شوباتدا، لە چاڵی خەسفا، کە حەوت کیلۆمەتر دوورە لە شاری موسڵەوە، 4000 تەرم دۆزراونەتەوە، کە گەورەتری گۆڕی بەکۆمەڵە تا ئێستا دۆزرابێتەوە. گروپەکانی مافەکانە مرۆڤ بۆیان دەرکەوتوە کە داعش لاشەکان، لە ناویشیاندا لاشەی پۆلیسە گیراوەکان و پیاوە یەزیدیەکان لە پاش بە کۆمەڵ کوشتنیان فڕێ دەدەنە ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەوە. لە ئاداری2017 دا لە پارێزگای نەینەوا، گۆڕێک کە لاشەی 600 بەندکراوی بەندیخانەی بادۆش و ئەلجەدەی تیادا دۆزراوەتەوە. بە پێی لێدوانی ڕزگاربوانی کوشتارەگە، داعش دەستبەسەرە سونیی و مەسیحیەکانی لە بەندکراوە شیعەکان جیا کردووەتەوەو فەرمانی بە دەستبەسەرە شیعەکان کردووە کە چۆک لەسەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان دابدەن کە تیایدا گولەباران کراون.

لە 21 ی ئەیلولی 2017 دا، لە پاش چوار ساڵ لە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەزامەندی لەسەر بڕیاری 2379 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەربڕی بۆ جێبەجێکردنی تیمێکی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان تاوەکو بەڵگەکان لە عێراق لەسەر تاوانەکانی داعشکە دەکرێت تاوانی جەنگ، یان تاوان لە دژی مرۆڤایەتی یان جینۆساید بن، کۆبکەنەوە و هەڵبگرن و تۆماری بکەن. هەروەها بڕیارەکەشوێن بۆ ڕاوێژکارێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دروست دەکات بۆ هاندانی بەرپرسیارێتی بۆ تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید کە لە لایەن داعشەوە ئەنجامدراون و لەگەڵ ڕزگاربوواندا کاربکەن بە جۆرێک کە هەمەئاهەنگ بێت لەگەڵ یاسا نیشتیمانیە پەیوەندیدارەکاندا. پێش ئەم بڕیارە، هەوڵی نارەسمی هەبووە بۆ سزدانی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی داعش، وەکو یەکەی لێکۆڵینەوەی نەینەوا، کە 12 دادوەری کۆکردبووەوە بۆ بینینی نزیکەی 40-50 حاڵەتی جیاواز لە هەر ڕۆژێکدا. یەکەکە ڕایدەگەیەنێت کە زیاتر لە 5000 ئەندامی داعش لە بەندیخانەی کاتیدا دەست بەسەرن لە خانوی چۆڵی دەوروبەری موسڵ، و هەر ڕۆژێک دوو بۆ سێ بەندکراو دەمرن بەهۆی نالەباری بارودۆخی ناو گرتوخانەکان. ژمارەیەکی تریان دەست بەجێ لە لایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی یان هێزەکانی ئاسایشی عێراقیەوە کوژراون لە شوێنی دەستگیرکردنیاندا. دروستکردنی میکانیزمێکی بەرپرسیارێتی خستنە ئەستۆ، بێ دودڵی تیشکی زیاتر دەخاتە سەر تاوانە قێزەونەکان کە لە لایەن داعشەوە ئەنجام دراون. و هەروەها هەستێکی ئاشتەوایی و دادپەروەری دەهێنێت بۆ کۆمەڵگەی کەمایەتیە ئاینیەکان و بەو هیوایەی کە ئەنجامدانی تاوانی لەو جۆرە سەرکوتکەرە کەمبکاتەوە.

***سەرپێچیەکانی حکومەتی عێراقی:***

بەدرێژایی ساڵی 2017، هەوڵدان بۆ خستنی داعش ئامانجی سەرەکی حکومەتی عێراق بوو. لەگەڵ ئەوەی کە تاوەکو شاری زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵی گروپەکە ئازاد دەکرا، گومانی موسڵمانە سونیەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد، لە ئەنجامدا، عەرەبە سونیەکان ڕێگریان لێ دەکرا کە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان، و لە هەندێ بارودۆخدا، هێرشیان دەکرایە سەر، ئەشکەنجە دەدران و دەکوژران یاخود سەرنگوم دەکران. بۆ نمونە، لە دوای ئازادکردنی پارێزگای موسڵ، لە مانگی حوزەیرانی 2017 دا هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی موسڵمانە سونیەکان ڕایان گەیاند کە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵەکانیان لە بەرئەوەی کە ڕێگریان لێ کراوە لە خاڵی پشکنینەکان یاخود لە لایەن بەرپرسانی ناوخۆوە پرۆسەی بەڕێکردنی بەڵگەنامەکانیان بۆ گەڕانەوە دوادەخرا. لە ئێستاشدا،هەر خێزانێک گومانی هەر جۆرە پەیوەندیەکیان لێ بکرێت بە داعشەوە مافی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان لێ زەوت دەکرێت و هەندێکیشیان ڕاگوێزی "کامپی خێزانەکانی داعش" دەکرێن. وە ئەم کارەش لەژێر ناوی خوازراوی "پرۆسەی هەڵگەڕاندنەوە لە داعش" دا دەکرێت هاوشێوەی پرۆسە نافەرمیەکەی "هەڵگەڕاندنەوە لە بەعسیەت" کە لەدوای کەوتنی سەدام حوسەینەوە جێبەجێ کرا. سەرەڕای ئەوەش، بە درێژایی پەلاماردانەکەی سەر موسڵ، ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرت بڵاوبونەوە کە تیایدا هاتبوو کە هەندێک یەکەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق ی هێزەکانی حەشدی شەعبی پاڵپشتی کراو لە لایەن ئێرانەوە، لەگەڵ هەندێک ئەندامانی کۆمەڵگە شیعە ناوخۆییەکان چەندین سەرپێچی قێزەونی بەرنامە بۆ دارێژراویان ئەنجامداوە، لەوانەش کوشتن و سزادان و سەرنگومکردنیپیاوان و کوڕانی موسڵمانە سونییەکان کە وایان ڕادەگەیاند کە پشتگیریکەری داعشن.

پارچە ڤیدیۆیەک لە شوباتی ساڵی 2017 دا بڵاو کرایەوە کە تیایدا چەند گروپێکی میلیشیای شیعە پیشان دەدات کە ئاڵای حکومەتی عێراقیان هەڵگرتوە و بە ئاشکرا جەستەی پیاوێک بە شەقامەکانی ڕۆژ هەڵاتی موسڵدا ڕادەکێشن و جەستەی ئەو و دوو لاشەی تر دەشێوێنن. لە هاوینی ساڵی 2017 دا، چەندین ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ ڕایانگەیاند کە لاشەی پیاوانی موسڵمانی سونیی لە کەنار ڕوباری دیجلەدا دۆزراونەتەوە، لە کاتێکدا 15 جەستەی تر لە نێوان گوندی ئەسبا و حەمام عەلیل دا لە باشوری موسڵ، بە کوژراوی دۆزراونەتەوە.

بە هەمان شێوەی سوریا، عەسائیبی ئەهل ئەلحەق و بزوتنەوەی حزبواڵلە ئەلنوجەبا، کە دوو گروپی میلیشیان و لە لایەن فەرماندەی سوپای شۆڕشگێری پارێزگاری ئێران(IRGC)، ی فەرماندە قاسم سولەیمانەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، دەستنیشان کراون بەوەی کە تاوانی تایەفەگەریان ئەنجام داوە، لەوانەش دەست درێژی سێکسی، پەلاماردان، و ڕفاندنی موسڵمانە سونیەکان لە عێراق. ئەو دوو گروپە لە دژی داعش شەڕیان کردووە بۆ دوبارە گرتنەوەی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی داعش لەبری هێزەکانی حەشدی شەعبی لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی کراو. لە پاشهاتی کەوتنی داعشدا، تەنگژەی نێوان سوننی و شیعە زیادی کرد، و چالاکوان و سەرکردە ناوچەییەکان بە بەردەوامی داوایان لە کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئازادی ئاینی لە عێراق (USCIRF) کردووە کە حکومەتی عێراق پێویستە بەدەم داواو گلەییەکانی سوننەکانەوە بێت تاوەکو ڕێگری لە سەر هەڵدانەوەی توندوتیژی تایەفەگەری بگرێت.

***کێشەکانی تری حکومەتی عێراقی:***لە 17 ی تشرینی دووەمدا، پەرلەمانی عێراق، داوای بەیاننامەیەک بۆ گۆڕانکاری لە یاسای باری کەسیدا ڕەت کردەوە، کە دەکرا ڕێگە بدات بە دامەزراوە ئاینیە شیعی و سوننیەکان کە کۆنترۆڵی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە هاوسەرگیریەوە بکەن. بەیاننامەکە، کە لە لایەن حیزبی فەزیلە لەگەڵ چەند حیزبێکی موسڵمانی شیعەوە پێشنیار کرابوو، کێشەکانی میراتگری و جیابونەوەی لە خۆگرتبوو، و بە پێدانی دەسەڵات بە چەند کۆمەڵگەیەکی ئاینی دیاریکراو بۆ سەپاندنی یاساکانی خێزان، و لەژێر سایەی ئەم یاسایانەدا، ڕێگە دەدرا بە کچان کە لە تەمەنێکی کەمی هەشت ساڵی و کەمتریشدا هاوسەرگیری بکەن. هەرچەندە کە کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی پەرلەمان توانی بە سەرکەوتوانە بەرەنگاری ئەم بەیاننامەیە ببێتەوە، لە پێشهاتەکان بۆ هەڵبژاردنی نیشتیمانی لە ئایاری 2018 دا، هەندێک لایەن هەڕەشەی دوبارە پێشنیار کردنەوەی ئەم بەیاننامەیە دەکەن. ئەگەر ئەم داوایە پێشکەش بکرێتەوە و وەربگیرێت، ئەم یاسایە گۆڕانکاری لە سیستمی هەنوکەیی سێکیولاری عێراق دەکات کە لە ئێستادا هاوڵاتیانی عێراق لەسەر بنەمای ئایین دەست نیشان ناکاتو دواتر پێویست بە دادگاکان دەکات کە یاسا ئاینیەکانی وەک هاوسەرگیری و جیابونەوە و میراتگری جێبەجێ بکات.

یاسای ناسنامەی نەتەوەیی ساڵی 2015 هێشتا جێی کێشەیە بۆ کەمینەکانی عێراق. برگەی 26 لە یاسای ناسنامەی نەتەوەییدا، ئەو منداڵانەی کە یەکێک لە دایک و باوکیان موسڵمان بن، ناسنامەی موسڵمان دەسەپێنێت بە سەریاندا، تەنانەت لە حاڵەتی ئەوەی کە ژنێکی نا موسڵمان لە لایەن ئەندامێکی داعشەوە دەستدرێژی سێکسی کرابێتە سەر. و هەروەها ئەو سنورداریەی کە پێش وەخت هەبوو لە یاساکەدا دوپات دەکاتەوە کە تیایدا، موسڵمانان ناتوانن باری ئاینی خۆیان بگۆڕن لەسەر ناسنامەکانیان پاش ئەوەی کە وەردەگەڕێنە سەر هەر ئاینێکی تر. سەرکردە مەسیحیەکان ڕایان گەیاندوە کە لە هەندێک حاڵەتدا، ئەو خێزانەی کە پێشتر وەک موسڵمان تۆمارکراون بەڵام ئاینی مەسیحی پەیرەو دەکەن، هەڵهاتوون تاوەکو

دوورکەونەوە لەوەی کە منداڵەکانیان بە موسڵمان تۆمار بکەن، یان بەوەی کە منداڵەکانیان بە بێ ناسنامە بمێننەوە. یاداشتنامەکە، لە کۆتایی 2015 وەرگیرا، دواتر لە لایەن سەرۆک وەزیران عەبادیەوە نێردرایەوە بۆ پەرلەمان لە 2016 دا، بەڵام گۆرانکاری تێدا نەکرا لەو کاتەدا. لە ئێستادا سەرۆک کۆمار فوئاد مەعسوم، لەسەر داوای کۆمەڵگە کەمە ئاینیەکان، دوبارە یاساکەی ڕەوانەی پەرلەمان کردووەتەوە بۆ تاوتوێ کردنی زیاتر.

***کێشەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا:*** لە 25 ی ئەیلولی 2017 دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا کە ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە 92 لە سەدی دانیشتوان پشتگیریان لە سەربەخۆیی کرد. بە ماوەیەکی کورت پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، تیلەرسۆن، ڕایگەیاند کە ویلایەتیە یەکگرتووەکان دان بە ڕیفراندۆمە تاکلایەنەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا نانێت، وا داوای لێ کردن کە "ڕێز لە ڕۆڵی ڕێپێدراویدەستوری حکومەتی ناوەندی بگرن". سەرەرای ئەوەش، بەغداد و ئێران و تورکیا کۆبونەوە تاوەکو سەرکۆنەی جوڵانەوە و ئەنجامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و بابەتی ئابڵۆقە پێشنیار بکەن. لە کۆتایی ماوەی ڕاگەیاندنەکەدا، بەغداد هەموو گەشتە ئاسمانیە نێودەوڵەتیەکانی بۆ هەولێر هەڵپەسارد، کە کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی چالاکوانە مرۆڤدۆستیە نێوەدەوڵەتیەکان و توانای ئەوان بۆ دابینکردنی یارمەتی بۆ کۆمەڵگە کەمینە ئایینیە لێقەوماوەکان هەبوو. هەتاوەکو کانونی یەکەمی ساڵی 2017، حکومەتی هەرێمی کوردستان میوانداری زیاتر لە 1.2 ملیۆن هاوڵاتی ڕاگوێزراوی ناوخۆی عێراق و 238.000 ئاوارەی سوریی کرد، کە زۆرێک لەوان پشت بە هاوکاری ڕێکخراوە فریاگوزاریە ناوچەویی و نێودەوڵەتیکان دەبەستن بۆ مانەوە لە ژیاندا.

لە کاتی ڕیفراندۆمەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کۆنترۆڵی زۆرینەی ئەو ناوچانەی کە لە دەست داعش گرتبوونی بە حکومەتی عێراق دۆڕاند. هێزەکانی ئاسایشی عێراق کۆنترۆڵی نیوەی دەشتەکانی نەینەوای کرد، لە کاتێکدا نیوەکەی تری هەر لە ژێر جڵەوی حکومەتی کوردستاندا مایەوە. کە ئەمەش وای لەو ئەندامانەی کۆمەڵگە کەمینەییەکان کرد کە لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون، هەڵبێن، هەربۆیە لە ساڵی 2014 وە، هەندێک لەوان چەند جارێک توشی ڕاگواستن بوون. میلیشیا یەزیدیەکان کە هاوپەیمانی هێزەکانی ئاسایشی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبین، شەنگاریان کۆنترۆڵ کردەوە، کە وەک هەندێک لە یەزیدیەکان دەڵێن ئەمە کۆتایی هێناوە بەو ڕێگریەی کە پێشتر لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەپێنرابوو. زیاتر لە 700 خێزان لە شارۆچکەی تەل ئەسقەفی مەسیحی ڕاگوێزکراون بەهۆی ئەو بۆمبارانکردنەی لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبیدا بەردەوامی هەیە. کەرکوکیش، کە ناوچەیەکە جێی زۆرترین ناکۆکیە و دەوڵەمەندترین ناوچەیە لە نەوتدا لە باکوری عێراق، جێگەی پێکدادانێکی قورس بەڵام کورت خایەن بوو، و لە کۆتاییدا ڕادەستی هێزەکانی ئاسایشی عێراق و یەکەکانی حەشدی شەعبی کرا و لە ئێستادا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدایە. ئەم ناوچەیە کە یەکێکە لە ناوچە هەمەچەشنە ڕەگەزی و ئاینیەکانی عێراق، وەک ناوچەیەکی گەرموگوڕ بۆ ململانێکانی داهاتوو دەمێنێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، هەرچەندە کە هەندێک لە کۆمەڵگە ئاینیە کەمایەتیەکان بە کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئازادی ئاینی (USCIRF) یان ڕاگەیاند کە

دڵخۆشن بە کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەندێک ناوچەی وەک شەنگار و دەشتەکانی نەینەوا، بەڵام زۆرینەی دانیشتوان لە دڵەڕاوکێی ئەوەدان کە پێدەچێت هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، بە نیازن بێن و ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببەن و بە شێوازێکی تایەفەگەریانە لە ناوچەکەدا فەرمانڕەوایی بکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شلۆقی دەمێنێتەوە بۆ هێرشکردنە سەر و ئەگەری زۆری هەیە کە لە لایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئاسایشی عێراقەوە پەلاماربدرێت. و ترسی زیادبوونی کاریگەریەکانی ئێران و گومانی خراپەکاریەکانیان لە ناو خەڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆر بڵاوە. هەندێک لە سەرکردە ئاینیە گەورەکانی عێراق وەک ئایەتوڵڵا علی سیستانی گەورە، داوای لە حکومەتی عێراق کردووە کە کوردەکان بپارێزێت، کە ئەمەش کارێکی دەگمەنە بۆ یەکێک لە بەڕێزترین سەرکردە ئاینیە موسڵمانە شیعەکانی عێراقەوە دەستپێشخەری بکرێت.

کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی کە لەساڵی 2003 دا ڕێککەوتبوون لەسەری پێش داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، و لە دەرئەنجامی گۆرانکاری لە کۆنترۆڵی ناوچەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەغداد لەوانەیە ببێتە هۆی کێشە بۆ کەمایەتیە ئاینیەکانی باکوری عێراق. زۆرێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە کەمایەتیە ئاینیەکان هەڵهاتوون و لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێبوون دوابەدوای سەرهەڵدانی داعش، لەوێ دەنگیان کە لە پێشتردا هیچ بەهایەکی پێ نەدەدرا لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، ئێستە لە ژێر دەسەڵاتی حکومتی هەرێمی کوردستاندا قورسایی زۆرتری هەیە. لە دەرئەنجامیشدا، کۆمەڵگای کەمینەیی زۆر زیاتر بەشداربوون لە بریاردان و حوکمدارێتی ناوچەییدا لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. پێش دوایین پێکدادانەکان لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەربەخۆیی ئاینی بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆوە بینی بوو. سەرەڕای ئەوەش، ترسێکی زۆرتر هەیە لەسەر ئەو کەمایەتیە ئاینیانەی کە لەوێ دەژین، کە لە وتارێکی کۆمسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئازادی ئاینی (USCIRF) بە ناونیشانی [ئاوابوونی خۆری کورد: هیوا و ترسەکانی کۆمەڵگەی کەمایەتیە ئاینیەکان لە باکوری عێراق] دا بە درێژی باس کراوە. لە کۆتایی ماوەی ڕاپۆرتەکدا، کۆمەڵگە کەمایەتیە ئاینیەکان پێویستیەکی زۆریان بە دابینکردنی دەستبەجێی ئاسایش و سەقامگیری هەیە کە بە بێ ئەو دوانە ترس لە نەژادی ناوخۆیی بەرەو خراپتر دەچێت، و دەبێتە هەوێنی ئاگری شەڕو ناکۆکی نێوان گرپەکان.

## سیاسەتی ئەمەریکا

لە 9 ی کانونی یەکەم دا، داعش، ئەو گروپەی کە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تیلەرسۆن ڕایگەیاند "بە ڕوونی بەرپرسیاری جینۆسایدکردنن"، لە لایەن هاوپەیمانی جیهانی بۆ لەناوبردنی داعش، بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆتاییان پێ هێنرا. ئیدارەی ئەمەریکا بەردەوامە لە هاوبەشی کردنی هێزەکانی ئاسایشی عێراق، بەوەی ڕاهێنان و مەشقیان پێ بکات و پڕچەکیان بکات لەم کاتی ناسەقامگیریەدا کە هاوڵاتیە ڕاگوێزکراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. هەروەها حکومەتی ویلایەتی یەکگرتووەکان ڕاشیگەیاند کە بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ ڕێگریکردن لەسەرهەڵدانەوەی داعش یان هەر ڕێکخراوێکی توندڕەوی تر. و هەروەها یارمەتی عێراق دەدەن لە چالاکی بەرقەراربوونی سەقامگیری و دابینکردنی خۆراکی پێویست و کارەبا و ئاوی خواردنەوە و جێگەی نیشتەجێبوون.

له 26 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2017 دا، مایکڵ پێنس ی جێگری سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند، کە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەخوازێت سەرەڕای هاوکاریەکانی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP)، هاوکاریەکانی بەرفراوانتر بکات و هاوکاری ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نوسینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) دابین بکات بۆ پرۆگرامی نوێ کە کۆمەڵگە کەمینە ئاینیە ڕاگوێزکراو و سزادراوەکان بگرێتەوە. لە کۆتایی ساڵی 2017 دا، (USAID) بەتەنگ بیرۆکە پرۆگرامیەکانی کۆمەڵگاکانەوە هات، لە ناویشیاندا گروپە ئاینیەکان و ڕێکخراوە تایبەتەکان. جوڵانەوەیەکی لەم چەشنە لە لایەن زۆرێک لە کۆمەڵگە کەمە ئاینیەکانەوە پێشوازی لێکرا. هەندێک لەو کۆمەڵگایانە ڕایانگەیاند کە هاوکاریەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەو خێراییەی کە بارودۆخەکەی ئەوان پێویستی پێی بوو، پێیان نەدەگەیشت. سەرەڕای ئەوەش، لە مانگی حوزەیرانی 2015 ەوە، پرۆگرامی هاوکاریە مادیەکان بۆ سەقامگیری (FFS) ی سەر بە (UNDP)ی، یارمەتی زیاتر لە 960.000 کەسی ڕاگوێزکراوی داوە کە پێویستیان بەو هاوکاریە گرنگە مرۆییەکان هەبووە. پرۆگرامی (FFS) کە لەلایەن هاوپەیمانی جیهانیەوە هاوکاری دەکرێت، لەسەر خواستی سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی عێراقی بۆ سەقامگیرکردنەوەی شار و قەزاکان دوای ئازادکردنیان لە ژێر دەستی داعش، بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی، دامەزرێنراوە.

پرۆگرامی هاوکاریە مادیەکان بۆ سەقامگیری (FFS) هاوکار بووە لە گەڕاندنەوەی 2.2 ملیۆن عێراقی بۆ ماڵەکانیان، و بەردەوام دەبێت لە بە ئەنجام گەیاندنی 1200 پرۆژە لە 28 شوێنی جیاوازدا. لە کۆتایی 2017 ەوە، (UNDP) پلانی بۆ ئەنجامدانی 161 پرۆژە لە هەشت ناوچەی مەسیحی نشیندا هەبووە کە دەبێت لە سەرەتای ساڵی 2018 دا جێبەجێ بکرێن. نۆژەن کردنەوەی خانوەکانی سەر بە کۆمەڵگە مەسیحیەکان، دەست و بردی لێ کراوە لە ماوەی چەند مانگی داهاتودا لە بەرنامەدایە کە 2500 خانوو نۆژەن بکرێنەوە.

(UNDP) 55 پرۆژەی لە قەزا یەزیدیەکاندا جێبەجێ کردووە، 27 پرۆژەی تری لە ناوچەی کۆمەڵگە کەمایەتیەکانی تردا جێ بەجێکردووە. لە 2017 دا، حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بری زیاتر لە 601 ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووەبۆ هاریکاری مرۆیی بۆ 11 ملیۆن کەس لە عێراقدا کە پێویستیان پێی بووە. هاوکاریەکە گەیەنراوە بە زیاتر لە 790.000 خەڵکی ڕاگوێزراو لە دوای ئازادی کردنی پارێزگای موسڵ، 930.000 بۆ خەڵکی ڕاگوێزکراوی پارێزگای نەینەوا، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی مەسیحین، و بۆ 240.000 پەنابەری سوریش. هاوکاریەکان لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پارەی بۆ تەرخان کرابوو، بۆ دابین کردنی کەمپی نیشتەجێبوون و هاوکاری تەندروستی و پرۆژەی پەروەردەیی و خۆراک و پاڵپشتی دەرونی و دابینکردنی پەناگە و پەرەپێدانی ژیاریی بوون. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان بری 112 ملیۆن دۆلاریان تەرخان کردووە بۆ پاک کردنەوەی عێراق لە ئامێرە تەقەمەنیە بە دەستکردەکان و مین و تەقەمەنیە بەکار نەهاتوەکان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانی عێراق لە مەترسیەکانی تەقەمەنیەکان کە داعش لە دوای خۆی بەجێی هێشتوون.

لە ساڵی 2017 دا، کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکان، دوو نامیلکەی هاوڵیکردن ی ڕەچاوکرد بە جەخت کردنەوە لەسەر عێراق و سوریا کە (USCIRF) پاڵپشتی هەردوو نامیلکەکەی کرد. هەردوو یاسای ئێس. 1158، جینۆساید و نەهێشتنی توندوتیژی ئێلی ڤیسڵ ی ساڵی 2017 و، ئێچ. ئار 390 ی فریاگوزاری لەناکاوی جینۆسایدی عێراق و سوریا و یاسای

بەرپرسیارێتی ساڵی 2017، جەختیان لەسەر سەقامگیرکردن و بونیاتنانی ئاشتەوایی لە عێراق و سوریادا کردووە. یاسای ئێس. 1158، داوا لە سکرتێری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات بە دامەزراندنی هێزێک بۆ ڕێگری کردن لە توندوتیژی لە ناو وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، لەگەڵ فەرمانێک بۆ بەهێزترکردنی هەوڵەکانی وەزارەتەکە بۆ ڕێگری لە توندوتیژی و بەدەمەوەچوون و ڕێکخستنی پرۆسەی نێوانگیری نێوان نوسینگەکان لەسەر ئەم کێشانە. ئێچ. ئار 390 دەسەڵات دەدات بە وەزیری دەرەوە و بەڕێوەبەری USAID کە هاوکاری دابین بکات بۆ پاڵپشتی هەوڵەکانی قەوارەکان، لە ناویشیاندا ڕێکخراوە ناحکومیەکان، تاوەکو چالاکی ئەنجام بدەن بۆ پیشاندانی تاوانی جینۆسایدەکان، تاوانەکان دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە عێراق، کە لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون، و هەروەها چالاکیەکان، لێکۆڵینەوەی تاوانی و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی بەڵگەکان لە خۆ بگرێت. و هەروەها یاساکە دەسەڵات دەدات بە وەزیری دەرەوە و بەڕێوەبەری USAID کە یارمەتی بۆ ئەو قەوارانە دابین بکەن کە دەستنیشانیان دەکەن بەوەی کە بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەریانە هاوکاری بوژاندنەوە و سەقامگیری و مرۆییانە ڕێک بخەن و بیگەیەننە دەست ئەندامانی کەمەنەتەوەیی و ئاینیەکانی سوریا و عێراق کە کەوتونەتە بەر شاڵاوی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگیی داعش، و ئەگەر نا گروپە جێبەجێکارەکان.